

# کارەساتی گەورەتر لە کوشتنی دوعا

**هەندرێن حەمەدەمین**
handren88@hotmail.com

نووسین لە سەر روداوی کوشتنی (دوعا) جارێکیتر کورتبینی و بیرتەسکی نووسەری کورد ئەسەلمێنێت، لەگەڵ رێزم بۆ هەموو ئەوانەی کە دوای بینینی کوشتنی دوعا قەلەمیان گرتە دەست و بە چەندین ووشەی سۆزدار و هەستبزوێن تورەیی و هەڵچونی ناوەوەی خۆیان دامرکاندەوە، هەر یەکەیان بە ووشەی جۆراوجۆر شین و گریانی خۆیان بۆ ئەم دیمەنە ترسناکە کرد، بەڵام ئایا شین و گریان دادی ئەم جۆرە کارەساتانە ئەدات؟؟ یان با بپرسین شین و گریان ئەبێتە هەلویستێکی رۆشەنبیرانە؟؟ ئایا ئەتوانین بە شین و گریان ئەم کارەساتانە بنبڕ بکەین؟؟ یان ئەوە نیشانەی خۆ دزینەوە و لەبیرکردن و درکپێنەکردنی هۆکارەکانی ئەم کارەساتانەن؟؟

رۆژانە دەیان ژن لە کوردستان ئەکوژرێن یان خۆیان ئەکوژن، ئایا جیاوازی نێوان کوشتنی ژنەکانیتر و خۆکوشتنیان لەگەڵ ئەو کوشتنەی دوعا چیە؟؟ پێتان وانیە کە جیاوازیەکە هەر ئەوەیە کە ئەم کوشتنەی دوعا دیمەنەکەی بە کامێرا گیراوە و دواتر لە هەندێک لە ماڵپەرە کوردیەکان بڵاو کرایەوە؟؟ کێ لە ئێوە ئەزانێت ئەو دەیان ژنانەیتر کە رۆژانە لە کوردستان ئەکوژرێن بە شێوازێکی زۆر دڕندانەتر نیە؟ ئەوە جگە لەوەی کە پێویستە لە خۆمان بپرسین وەک کەسانێکی رۆشەنبیر ئایا کوشتن بە هەر جۆر و شێوازێک بێت دواجار لە دەستدانی ژیان و گیانی مرۆڤێک نیە؟؟

شین و گریان کردن بۆ هەندێک لە کوشتنەکان و بێ دەنگ بوون و نەبینینی کوشتنەکانیتر نیشانەی ترسنۆکی و بێ هەلویستی زۆربەی بەناو رۆشەنبیرانی کوردە، ئەوە چ تێگەیشتنێکە چ بیرکردنەوەیەکە چ رۆشەنبیریەکە کە ئێمە تەنها لە دوای بینینی روداوەکان درک بە کارەسات و نەزانی و دواکەوتوویی خەلکی کوردستان بکەین؟ تەنها بە بینینی روداوەکان بکەوینە قسەکردن و نووسین؟ قسەکردن و نووسینەکانیش هەر بریتی بن لە شین و گریان کردنێک کە نە دادی کەسی کوژراو ئەدات و نە ئەبێتە رێگریەک لەبەر دەم بکوژانیتر .

بوونی دەسەلاتێکی دواکەوتووی خێلەکی درێژە پێدەری عەقلی بەعس لە کوردستان هەرگیز و هەرگیز نابێتە وولامدەرەوەی شین و گریان و هاوار و رۆرۆی نووسەران و رۆشەنبیران بەلکو بە پێچەوانەوە ئەم رۆرۆکردنە لە کاتی بینین و بلاوبوونەوەی ئەم کارەساتانە زیاتر و زیاتر لاوازی و بێهێزی و کورتبینی و بیرتەسکی و بێبەهایی نووسەری کورد پیشان ئەدات.

کارەساتی گەورەتر لە کوشتنی دوعا ئەو کارەساتەیە کە رۆژانە دەیان کوشتنیتر هەن و نایانبینین یان لێیان بێدەنگین، کارەساتی گەورەتر ئەوەیە کە نووسەر و رۆشەنبیری کوردیش وەک خەلکی سادە تەنها شین و رۆرۆ کردنی هەیە، کارەساتی گەورە ئەوەیە کە لێکۆلینەوە و کارکردن بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکانی ئەم کارەساتانە ناکرێت، کارەساتی گەورە ئەوەیە کە ئەم کارەساتانە وەک هەر مردنێکی ئاسایی پرسەی بۆ ئەکرێت و بە شین و گریانێک هەڵچونەکان دائەمرکێندرێنەوە و دوایی هەر بە یەکجاری لەبیر ئەکرێت، کارەساتی گەورە ئەوەیە کە هەر جارەی کارەساتێکی لەم جۆرە ئەبینین پێمان وایە ئەوە یەکەم کارەساتە، کارەساتی گەورەتر ئەوەیە کە تا ئێستا ناتوانین پەنجە بۆ تاوانبارە سەرەکیەکان درێژ بکەین

کارەساتی گەورە ئەوەیە کە کوردستان بووە بە جەنگڵستان

26ی 4ی 2007